بەیان نامە

# پەیامێك بۆ بەرگریكردن لە گەریلاكانی قەندیل

ئێمە كۆمەڵێك رۆژنامەنووسی كوردین، وەك هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەو دەست درێژیەی توركیا دەیكاتە سەر شۆڕشگێرەكانی پەكەكە، بەباشمان زانی نارەزایەتی خۆمان دەربرین و هەڵوێستی خۆمان دەرخەین، كە ئەم كارە دەست درێژیەی توركیا نەجێگەی قبوڵەو نە ویژدانی هیچ كوردێك ئەو دەست درێژیە قبوڵ دەكات، بۆیە داوا لەسەرجەم رۆژنامەنووسە بەهەوڵوێستەكان و نوسەرە بە هەڵوێستەكان دەكەین، هەریەكەو لەشوێنی خۆیەوە دەنگی خۆی بەرزبكاتەوە، تاچیتر رێگە نەدەین ئەو گەریلایانە بەو شێوە نارەوایە بكوژرێن، داوا بكەین ئەو هێرشانە بوەستێنرێن كە توركیا دەیكاتە سەر شۆرشگێرەكان و خەڵكی سیڤیلی ناوچەكانی قەندی و سنووری هەرێم، وەك پشتگیریەك لەگەریلاكان با دەست لە قەڵەمەكانمان هەڵگیرین و بچینە ناوچە سنووریەكان مان بگرین، داواش لە حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراق بكەین یا سنوورێك بۆئەم دەست درێژیە دابنێت، یان بادەرگا بكەنەوە بۆخەڵكی شارەكان خۆپیشاندان دەست پێبكەن دژی ئەم هێرشانەی توركیا.

خەڵكی بەشەرەفی كورد، لەبەرچاوی هەموومانەوە رۆژانە فرۆكەكانی تورك پەلاماری گوندو سەنگەرەكانی گەریلاكان دەدات، دەبێت هەڵوێستمان بخەینە گەر بۆ بەردەم بارەگاكانی هێزەكانی ئەمریكا تاچیتر نەهێڵێت هاوزمانەكانمان بەدەستی لەشكرێكی بێگانە بكوژرێن، ئەم بانگەوازەش بۆخۆپیشاندانە دژی ئەو دەست درێژیانەی توركیا بۆسەر سنووری هەرێمەكەمان، بابەیەك دەنگ بشتگیری خۆمالن بۆئەو پێشمەرگانە دەرخەین لەشاخەكان سەرقاڵی خەباتن، وەرن لەگەڵمان بن باخۆپیشاندان دەست پێبكەین، خۆپیشاندانی ئێمە نیشانەی كورد بونمانە بەرامبەر بە گەریلاكانی پەكەكە و خەڵ:ی بێگوناهی گوندە بۆردومانكراوەكان، دەبێت دەنگ بەررزبكەینەوە تاكۆتای بەم دەست درێژیەی توركیا بێت.

كۆمەڵێك رۆژنامەنووس \ وەك دەستەی بەرگری كردن، باشوری كوردستان، هەولێر.
تكایە هەركسێك ئیمزای دەكات ئیچمە دەستخۆشی لێدەكەین

1 نەبەز گۆران
2 حسێن هیمەتی
3 عبدولرەحمان عەلی
4 سالح قادر
5 ئەمیر ئیسماعیل
6 عەلی حەمە ساڵەح
7 لەنجە عەبدولا